# وتووێژی ماڵپەڕی "ڕێنێسانس" لەگەڵ بەڕێز حەسەن ڕەستگار
# ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب



حەسەنی ڕەستگار، کە یەکێک لە ئەندامە کۆنەکانی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتە و لە دوو لەتبوونی ئەو حیزبەشدا بەشدار بووە، لە کۆنگرەی چواردەی حیزبەکەیدا، بەپێچەوانەی هاوتەمەنەکانی کە خۆیان بۆ ئەندامەتیی سەرکردایەتی نەپاڵاوت، بوو بە بەئەندامی کومیتەی ناوەندی و دوای ئەوەی کۆنگرە دەنگی ئەرێنی پێدا، ئێستا ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی پەیوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانناو براو لە کاتی کۆنگرەدا، بڕیاری خۆپاڵاوتنی خۆی بۆ ئەندامەتیی سەرکردایەتی بۆ ئەوە گەڕاندبۆوە کە وەک خۆی گوتبووی "ئێستاش کارم پێ دەکرێ" و، لە سەرەتای قسەکانیشیدا گوتبووی: "یەکێک لە کۆڵەکەکانی لەتبوون بووم."

ڕەستگار، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەکەمی خۆ لە وتووێژکردن لە گەڵ مێدیاکان دەدات، حەوتووی ڕابردوو پێشوازیی لە ڕۆژنامەنوسێکی ڕێنێسانس کرد و لە دیدارەکەیدا، وێرای باسکردن لە پرۆژەی حیزبەکەی بۆ نوێبوونەوە و گونجاندنیشی لەگەڵ قۆناغی ئێستادا، باسی ئەو لیژنەیەشی کرد کە بۆ چاودێریکردن بەسەر بەرنامە و ئەساسنامەدا دەستنیشانیان کردووە.
ڕەستگار هەروەها وێڕای باسکردن لە پێویستیی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ

حیزبە کوردییەکان، جەختیشی کردەوە کە ئەگەر هەلومەرجێکی لەبار بخوڵقێ، دەتوانن لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوویان ببنەوە یەک. ئەوە و چەندین مەسەلەی دیکە لەو دیدارەدا بخوێنەوە..........

ئا: ناوەندی هەواڵ و سیاسەت

ڕێنێسانس: ماوەیەک لەمەوبەر پاش نزیکەی ساڵێک بە سەر جیابوونەوەتان لە لە هاوڕێیانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی چاردەتان گرت و لە بڵاوکراوەی کۆتایی کۆنگرەشدا وەک هەموو کۆنگرەکانی پێشوو، گۆنگرەکەتان بە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو ناوبرد. بە بڕوای جەنابت ئەم سەرکەوتنە، جیاوازی دەگەڵ کۆنگرەکانی پێشوو هەبوو؟

ڕەستگار: ئێمە پێش گرتنی کۆنگرەش ڕێزە ئامانجێکمان وەک خاڵە گشتییەکان بڵاو کردبۆوە. لەوێدا باسمان کردبوو کە ئێمە دەمانهەوێ چ بکەین، دەمانهەوێ گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی حیزب و ڕێبەرایەتی بێنینە گۆڕێ و تا رادیەکی زۆر لەو کارەدا سەرکەوتوو بووین.

ئێمە ئیدیعای ئەوەمان کردبوو کە ژنان و لاوان بەشدار دەکەین و گۆڕان پێک دێنێن. هەروەها ئیدیعای ئەوەمان کردبوو کە جیاوازی و دەربڕینی بیروباوەڕ لە نێو حیزبدا ئازاد دەبێ. بۆ ئەو مەبەستەش با تەماشای پێکهاتەی کۆمیتە ناوەندییەکە بکەین، تەمەشای ئەندامانی پێکهێنەری کۆنگرە بکەین. شەرتیش ئەوە نییە کە ئەوەی دەگوترێت هەمووی ئیجرا دەکرێت، چوونکە پێویستیی بە زەمان هەیە. پێویستیی بە پێکهێنانی زەمینەی فکری هەیە. ئەگەر تەمەشا بکەیەن بە پێچەوانەی کۆنگرەکانی پێشوو، تاڕادیەک ژنان لە هەموو وەختێکی زیاتر هاتوونە ڕێزی سەرکردایەتیی حیزبەوە. تەغییراتێکی ئەساسیش کراوە، بەشێکی عومدە لە هاوڕێیانی بە ئەزموون یان بە تەمەن لە ریزی سەرکردایەتیدا بە خواستی خۆیان کشانەوە، بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکەن بۆ ئەو ڕەفیقانەی دیکە کە بە ئیستلاح گەنجن. شەرتیش ئەوە نییە هەرچی گەنج بوو سیاسەتمەدارە. بەو مانایە دەڵێم پێویستە گەنجەکان لە باری سیاسیشەوە شارەزا و ئاگادار بن. ئەوەش هەر لە خودی ئامادەکردنی کۆنگرەکە سەرچاوەی گرتووە، مەسەلەن لە گۆنگرەکانی پێشوودا تێعدادێکی زۆر کەممان لە ئوروپایەڕا یا لە ئەندامانی

دانیشوو بەشداریان دەکرد، بەڵام ئەوجارە نزیک پەنجا نەفەر لە ئەمریکا و کانادا و ئوستورالیا و ئوروپا و حەتا زلاندی نەویش ئامادەی کۆنگرەکەمان بوون. ئەوە تێعدادێکی یەکجار زۆرە. هەموو ئەو کەسانەش کە هاتبوون، دەکرێ بڵێین یا کادرەکانی پێشووی حیزبی دیموکرات بوون، یا ئەو گەنج و لاوانەن کە لە ئوروپا پێگەیشتوون و خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و لە باری سیاسیەوە، لە باری کۆمەڵایەتیشەوە توانیویانە هەم خۆیان لە گەڵ ئەو وڵاتەی لێی دەژین تەتبیق بکەن و هەم توانیویانە لە باری سیاسیەوە تا رادەیەکی زۆر فکری سیاسیی نوێ بێننە نێو تەشکیلاتی حیزبەوە. جا ئەوانە کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لە سەر ئاڵوگۆڕ لە خودی کۆنگرەکەدا و هێنانەگۆڕی شتی زۆر تازە و زۆر نوێ کە دەگەڵ دنیای ئەورۆ رێک دەکەوێ.

دووبارە ئێمە پێمانوایە کە ئەم کۆنگرەیە لەو بوارانەدا سەرکەوتوو بوو. با ئەوەش بڵێین ئەوە بە مانای کۆتایی مەسەلەکە نییە و بۆ تەتبیقی ئەو شتانەی کە گوتوشمانە، کاری زۆرمان لە پێشە. زەحمەتی زۆری دەوێ. پێویستی بە زەمانە. چونکە ئێمە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەژین، لە سەریەک ئەگەر ئێمە خۆمان دەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و وڵاتانی غەربی بەراورد کەین، زۆر لە دوایەین. لاسایی کردنەوە زۆر خەتەرناکە. ئێمە لاسایی وڵاتێکی وەکوو سوێد، فەرانسە یان وڵاتێکی وەک ئینگلستان بکەینەوە، بە چەند سەد ساڵ بە بواری سیاسی و پێشڕەفتی کۆمەڵایەتییەوە لە دوای ئەوانین. کەوا بوو دەبێ لەو بارەیەوە زۆر ورد بینەوە، دەنا تووشی هەڵخلیسکان و هەڵدێران دەبین. ئێمە ناتوانین جامیعەی خۆمان دەگەڵ کۆمەڵێکی ئوروپایی بەراورد بکەین و بڵێین ئێمە وەک ئەوان دەچینە پێشێ.

دیارە ئەمن دەگەڵ هێندێک شت کە لە کۆنگرەشدا پەسەند کراون موافق نەبووم و پێموایە دەگەڵ ئەو شەرایەت و هەلومەرجەی ئێرە ناگونجێن.

رێنێسانس: وەک لە لێدوان و بڵاوکراوەکانی دوای کۆنگرەکانتاندا باستان کردووە، کۆڕێکتان لە کەسانی بەساڵاچوو و بەئەزموون بۆ چاوەدێری کردن بە سەر پێڕەو پڕۆگرامی ناوخۆی حیزبدا دامەزراندوە. لە دەرەوەی حیزبی ئێوە ئەم کۆڕە وەک شورای نیگەهبانی قانوونی ئەساسی لەنیزامی

دەسەڵاتی ئێران دەناسێنن. چۆن دەتوانن بیسەلمێنن ئەو لێژنەیە دەست لە کاری کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبەکەتان وەرنادات؟

رەستگار: لە ئەساسنامەی حیزبیدا ئەرک و وەزیفەی ئەو کۆمسیۆنە باسکراوە. دەسەڵاتی ئەو کۆمسیۆنە تەنیاو تەنیا بۆ ئەوەیە مافی تاکێکی حیزبی لە لایەن ئۆرگانی خۆیەوە یان لە لایەن ئۆرگانێکی دەسەڵاتدارەوە پێشێل نەکرێ. ئەگەر شکایەتێک لە لایەن ئەندامێکی حیزبی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی ئەندام پێشکەش کرا، ئەو کۆمسیۆنە یا ئەو کەسانە لێی دەکۆڵنەوە و دەرەنجامەکەی وەکو رای خۆیان دەدەنەوە بە کۆمیتەی ناوەندی. ئەوانە هیچ دەسەڵاتێکی ئیجراییان بە مەبەستی دەست تێوەردان لە کاروباری ئیجرایی حیزبیدا نییە. ئەو کەسانەی وای لێکدەدەنەوە، .پێموایە لێکدانەوەیەکی باشیان نەبووە و جوان لە مەسەلەکە نەگەیشتوون

رێنێسانس: لە ئەساسنامەی پەسندکراوی کۆنگرەکەتاندا بەند یان خاڵێکی وا هەیە بە شەفافی باسی دەسەڵاتی ئەم کۆمسیۆنە بکات و دیاریی بکات کە دەسەڵاتیان بە سەر کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیدا ناشکێت؟

رەستگار: بە تەواوی روون کراوەتەوە کە ئەو کۆمسیۆنە هیچ مافێکی ئیجرایی نییەو هەموو شتێکی خۆی بۆ ئیجرا بە کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار دەکات و کۆمیتەی ناوەندیش یان لێیان وەردەگرێ، یان لێیان وەرناگرێت.

رێنێسانس: ئەو کۆنگرەیەی گرتتان، بە کۆنگرەی چاردە ناودێرتان کرد، ئەوەش لە لایەن خۆتانەوە رەوابوونێکی تەواو بە کۆنگرەی سێزدە دەدات. وەک پابەند بوون بە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی پێشوو، ئەو کارە نارەوا بوونی جیابوونەوەتان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناسەلمێنیت؟

رەستگار: لە راستیدا ئێمە لە کاتی خۆی ئەو شتانەمان بە نووسین بێ، یان دیمانە و وتووێژ بێ، پێشتر باسکردووە. خۆمان کە بەشداری کۆنگرەی سێزدە بووین، رەوابوونی ئەو کۆنگرەیەمان سەلماندووە. ئەوە بەو مانایە نییە هەتا سەر رەوا دەبێت. ئێمە وەختی خۆی لە پلۆنۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا، ئەو باسانەمان کردووە کە پەیوەندیان بە مافی ئەندامانی حیزب و بە دیموکراسییەوە هەیە، وەک ئەوەی کە نابێ حیزب ئەندامی دەرەجە یەک

و دەرەجە دووی هەبێ. لەو بوارەوە ئێمە پێمانوابووە کە ئەوە پێشێلکردنی ئەساسنامەیە، پێشیلکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەیە. لە بەر ئەوە  هەر لە ئەوەڵەوە هوشدارمان داوە بەو رەفیقانەی خۆمان کە ئەگەر بێتو لە ناو حیزبی دیموکراتدا ئەندامی دەرەجە یەک و دەرەجە دوو هەبێ، مانای ئەوەیە ئەو حیزبە سەرئەنجامەکەی لەتبوونە. تەنانەت ئەگەر لە ماڵێکدا چەند برا بەیەکەوە بن و نەتوانن بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ یەکتر هەڵکەن، بە ناچار دەبێ جیا بنەوە. جیابوونەوە قازانجی لەوەی پترە ئەگەر بە یەکەوە بن و هەمیشە شەڕیان بێت. بۆیە لەو روانگەیەوە من پێم وابوو ئەو جیابوونەوەیە نەتەنیا ناڕەوا نەبوو، بەڵکە رەواش بوو. ناکرێ بڵێین هەموو جیابوونەوەیەک ناڕەوایە و زەرەری هەیە، هەرچەندە بۆ ئەورۆی نەتەوەی کورد بۆ ئەورۆی میللەتی کورد ئەگەر یەککگرتوویی نەبێ و هەرشتێکی دیکە هەبێ ناڕەوایە و زیان بە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد دەگەیەنێ. بەڵام ئەو زێهنیەتەی ئێستا لە نێو بزوتنەوەی کورد دایە، بەعام زێهنیەتێکی باش نییە. زێهنیەتێکە  هەتا ئێستا بە تایبەتی کوردی رۆژهەڵات لە جیاتی ئەوەی یەک بگرن، لێک جیابوونەتەوە. هیوادارین هەر وەک ئێمە پێشنیارمان کردووە، دوای ئەو پڕۆسەیە، پڕۆسەیەکی نوێ دەستپێبکەین بۆ ئەوەی لێکنزیک ببینەوە و حەتا ببینە یەک و لە بەرەیەکدا بتوانین هاوکاریی یەکتر بکەین.

رێنێسانس: هاورێیانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە کۆتایی پلۆنۆمی دوازدەیاندا راگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوەو سەرەڕای ئەوەی داواتان لێدەکەن ناوی خۆتان بگۆڕن، حیزبەکەی ئێوەیان بە تاقمی مەلا حەسەن ناساندووە. وەک مەلاحەسەنی رەستگار رای خۆت لەم بارەیەوە چییە؟

رەستگار: لە راستیدا کەسێک یان حیزبێک یان لایەنێک کە داوا لە کەسێک یان لایەنێکی دیکە دەکات کە نێوی خۆی بگۆڕێت، خۆی لە خۆیدا ئەوە شێوە بیرکردنەوەیەکی پاوانخوازانەیە، دیکتاتۆرانەیە. بۆیە پێم وایە هیچ کەسێک قبووڵی ناکا. ئەوجار لە هیچ مەرجەعێکی رەسمی نە ناوی ئەوان و نە ناوی ئێمە لە هیچ قانوونێک و لە هیچ شوێنێکی رەسمیدا قانوونی نەبووە هەتا ئێمە بڵێین ئەو ناوەی ئێمە  یان هی ئەوان ناقانوونیە. ئەوجار ئێمە

میراتمان دەکەوێ، ئێمە تاریخمان یەکە. ئەو تاریخە بەتەنێ و نە هی ئەوانە نە هی ئێمەیە. ئەو مێژووە مێژوی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و مێژووی حیزبی دێموکراتە. ئێمە لە مێژووەکەدا شەریکین. کە لە مێژووەکەدا شەریکین، ئەو کۆنگرانەی گرتوومانە هی هەموومانە. بۆیە ناوی کۆنگرەکەمان ناوە کۆنگرەی چاردە. بۆ وێنە ئەگەر تەمەشای مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بکەین، چەندین کۆنگرەیان بە دوای یەکدا گرتووە و ئەو ئەوی دیکەی نەفی کردووە، بەڵام خودی کۆنگرەکانیان نەفی نەکردووە. سیاسەت و سیستەمی ستالینیان رەتکردۆتەوە، بەڵام کۆنگرەکانیان رەتنەکردۆتەوە، هی ئێمەش هەر وایە. ئێمەش لە مێژوودا پێکەوە هاوبەشین. لەم روانگەوە بە بڕوای من بۆچوون یان داخوازی ئەوان کارێکی غەڵەتە. بێجگە لەوەش ئێمە تەفاوەتمان هەیە. ئەوان "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"ن و ئێمە "حیزبی دێموکراتی کوردستان"ین. هەرچەند ئەوان ئیعتراف بە ئێمە ناکەن، لەو روانگەیەوە رەنگە ئەوجۆرەی پێوەیستە ئێمەش ئیعتراف بە ئەوان نەکەین. بەڵام لە حەقیقەتدا ناوەکە جیاوازە. ئەگەر تەماشا بکەی لەو وڵاتانەی کە قانوون هەیە، تەنیا بە ویرگولێک (فاریزەیەک) ناوەکە دەگۆڕێ. ئێمە ئێرانێکی گەورەمان لێکردۆتەوە و ناوەکەشمان یەک نییە. ئەو فکرە فکرێکی کۆنە. وەختێکی ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستانی "رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"مان پێک هێنا، ناوەکەمان ئەوا دوور و درێژ کردووە، دیسان گوتیان دەبێ ئەو ناوە بگۆڕن.

رێنێسانس: بە ئاشکرا دیارە کێشەکە لە سەر ناو نییە و لە سەر رابردووی حیزبێکە کە بۆ یەکەمجار لەمێژووی کورددا کۆماری کوردستانی دامەزراند، ئێوە ئامادەن واز لەم رابردووە بێنن یان بە تەنیا بە هی خۆتانی بزانن؟

رەستگار: ئەوە شتێکی زۆر سروشتیە کە ئەوانیش لەو حیزبەدا خەباتیان کردووە و تەمەنێکی زۆریان لەسەر داناوە، بۆیە ناکرێ ئێمە بڵێین ئەوان بەشیان پێوە نییە. ئەوانیش ناتوانن بڵێن ئێمە بەشمان بەو رابردوو و بەو مێژوویەوە نییە. بۆیە دەبێ رێگا چارەیەکی عاقڵانە و رێگا حەللێکی دروستی بۆ بدۆزینەوە.

ئەوەی کە گوتیشت بە ئێمە دەڵێن تاقمی مەلا حەسەن، ئەوە دوو لایەنی هەیە، رەنگە لایەنی رەوانی زیاتر بێت. بۆیە دەڵێن مەلا رەنگە مەبەستیان ئەوەبێ کە مەلا لە جامیعەی کوردیدا ناوێکی سووک بێ. ئەوەش وانییە، مەلا رابردوویەکی دوور و درێژی موبارەزاتیان هەیە. ئەگەر تەماشا بکەین سەردەمێک مەلاکانمان، مامۆستاکانمان لە کوردستاندا پێشڕەوی خەباتی ئازادیخوازی بوونە. مەسەلەیەکی دیکە کە رەنگە بەزمان نەیلێن یان لەنووسیدا نەینووسن، مەبەستیان ئەوەیە زەمانێک بە حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیان گوتووە لادەر و بڵێن ئەوانە دووبەشن بەشێک پێشترێ سەر بە رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوونە و بەشەکەی دیکە وەدوای ئەوان کەوتوونە. لە روانگەی منەوە دەیانهەوێ ئەوەی ئیلقا بکەنەوە، دیارە ئەوەش لە سەردمی ئەوڕۆدا کۆنە و تاریخی بەسەر چووە و هەرکەس لە ژێر هەرنێوێکدا بۆ رزگاری نەتەوەی خۆی خەبات بکات، حەقی خۆیەتی و کەس ناتوانێ ئەو خەباتە پاوان بکات. رێنێسانس: دیارە بەشێکی زۆری ئەو جەماعەتەی پێشترێ بە ناوی رێبەرایەتی شۆڕشگێر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا ببوونەوە، دەگەڵ جیابوونەوەی ئەمجارەش دان، ئێوە وەک کەسانێک کە لە جیابونەوەی ئەوکاتیشدابوون، لە نێوان خۆتان و ئەوانەی لەم جیابوونەوەیەدا دەگەڵتانن، هەست بە جیاوازی دەکەن؟

رەستگار: بە هیچ وەج جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم. مەبەستی ئەوان زیاتر تەحریکاتە، بۆ ئەوەی بیانهەوێ ناکۆکیەک لە بەینی ئێمە رێبەرایەتی کۆنی شۆڕشگێڕ دەگەڵ هاوڕێیانی ئێستامان دروست بێت. ئەمن پێموایە ئەو سیاسەتە سیاسەتێک بووە کە هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لە نێو ئێمەدا و هەموو هاوڕێیانی ئێمە تێگەیشتوون کە ئەوە هەموو بۆ هاندان و تەحریککردن و ناکۆکینانەوە لە نێو ئێمەدا ئەو ناو و ناتۆرانە بڵاودەکەنەوە.

رێنێسانس: بەشێکی زۆر لە رێبەرانی بە ئەزموون و بە ساڵا چوو لە رێبەرایەتی کشانەوە، بۆچی جەنابت ئەمجارەش لە ناو ریزی رێبەرایەتیدا مایەوە؟

ڕەستگار: ئەوان بە داخوازی خۆیان لە ڕێبەرایەتی کشانەوە، بەڵام من وەک لە کۆنگرەشدا باسم کرد، پێم وابوو ئەو مەرحەلەش بۆ بەشداریکردن لە موبارزاتی خەڵکی کورد کەڵکم پێوە ماوە و یان بلێین مەعمووریەتەکەم تەواو نەبووە. من ناسیاوێکی زۆرم لە ناو ئەحزابی کوردیدا هەیە، بێجگە لەوەش بە پەسندی برادەران بە پەسەندی کۆنگرە کە دەنگی متمانەیان پێداوم، دیارە هەم بۆخۆم نەزەرم وابووە و هەم کۆنگرەکە نەزەری وا بووە بۆ ئەو مەرحەلەش بۆ ئەو قۆناغەش لە خەبات پێویستم، بۆیە نەکشامەوە. ئینسانیش ئەگەر بۆخۆی لە خۆی رادیت و خەڵکێکی زۆر تەئیدی کرد، مانای ئەوەیە بۆچوونەکە لە جێی خۆی دایە.

ڕێنێسانس: وەک بیستوومە لە کاتی خۆ ناساندنت لە کۆنگرە خۆت وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی لەت بوون ناساندووە، مەبەستت لەو قسەیە چ بوو؟

ڕەستگار: لە راستیدا هەر وابوو، چونکە من لە سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بووم، تەقریبەن بۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی ئیتفاقی نەزەرم لەسەر بوو، بەڵام بەو حاڵەش هەمیشە لە نێو هاوڕێیاندا بە گشتی باسی ئەوەم دەکرد دەبێ ئەندامانی حیزب بە یەک چاو سەیریان بکرێت. ئەگەر دیموکراسی هەیە، دەبێ بۆ هەموو لایەک بێ. ناکرێ هێندێک کەس ئەندامی دەرجە یەک و هەندێکی دیکەش ئەندامی دەرەجە دووی حیزبی بن. لە گەڵ ئەوەی کە ئەو هەستە هەبوو، بەڵام بە کردەوەش ئەو کارە دەکرا کە کەسانێکی زۆر لە نێو حیزبی دیموکراتدا تەسفیە بکرێن یان ناچار بکرێن دابنیشن و یان ئەو بایەخەی کە دەبوو پێیان بدرێ پێیان نەدرا و من دژی ئەو هەڵوێستە و ئەو سیاسەتە بووم. پێشم وابوو کە دەبێ چارەسەر بکرێ. کە هەر بە چارەسەریەکی سیاسیانە و حیزبیانە نەگەیشتین، بە ناچار من یەکێک لەو کۆڵەکانە بووم کە پێموابوو جیابوونەوە لەوە باشترە کە بەو شێوەیە پێکەوە بین.

ڕێنێسانس: بە مەبەستی کارکردن دەگەڵ ئەو نەوە تازەیەی لەم کۆنگرەیەدا هاتوونەتە ناو سەرکردایەتی و لە بواری تەمەنەوە چەند نەوە لە دوای ئێوەن، پرۆژەیەکی کارکردنتان هەیە؟ڕەستگار: لە راستیدا هەموو شتێکی

تازە لە سەر شتی کۆن دروست دەکرێ، بە تایبەتی سیاسەت و حیزبایەتی کارێکی وایە ناکرێ ئەوەی کۆنە فڕێ بدرێ و ئەوەی تازەش هاتووە ئەزموونێکی واشی نییە لە مەسەلەکەدا کارەکەی بدەیە دەست. رەنگە جوان بەڕێوە نەچێت. بۆیە پێموایە تەفاوەتی نەسل زۆر گرینگ نییە، جیاوازیی فکر گرینگە. دیارە دایمە دەگەڵ نەسلی جەوان، دەگەڵ هاوڕێیانی تازە لە باری فکرییەوە فەرقێکی زۆرمان نییە، فەرقێکی زۆر کەممان هەیە. راستە ئێمە تەمەنمان زۆرە، بەڵام لە فکردا رەنگە فکرەکەمان یەک بێ. ئەوەی ئیدیعای نوێبوونەوە دەکا ئێمە بووین، نەک یەکێک لە دەرەوەڕا هاتبێ و فشاری بۆ ئێمە هێنابێ کە ئێمە حیزبەکەمان نوێ بکەینەوە. ئاڵا هەڵگرەکەی ئێمە بووین و پێشموایە کە ئێمە دەتوانین پاڵپشت و یارمەتیدەرێکی باش بین بۆ ئەو نەوەیەی کە تۆ باسی دەکەی کە چەند نەسل لە ئێمە دوور کەوتوونەتەوە یا لە ئێمە تازەترن یا..........

رێنێسانس: هەر لەو پەیوەندیەدا جەنابت سەبارەت بە ئەزموونی لاوەکان لە سیاسەتدا گومانت نییە؟

رەستگار: هیچ شکی تێدانییە، لاو دەبێ پوختە بکرێ، دەبێ پەروەردە بکرێ بۆ ئەوەی مەسئولیەتی پڕۆسە بە دەستەوە بگرێ. رەنگە لە بواری سەواد و مەعلووماتەوە لاوی وامان هەبێ زۆر دەزانێ، بەڵام هەموو لاوێک کە زۆر دەزانێ مانای ئەوە نییە کە سیاسیش بێ. سیاسەتیش عیلمێکە کە خەڵک دەبێ وردەوردە بە تەجرەبە فێری بێ.

رێنێسانس: دیارە لە ئەساسنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەدا باس لە نوێبوونەوە و ئازادبوونی رادەربڕین و هەبوونی فڕاکسیۆن لە ناو حیزبدا دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو شتانە لە کردەوەدا ببن بە بەشێک لە کولتووری حیزب و پاشان بە کولتووری نەتەوە، پلان و بەرنامەیەکتان هەیە؟

رەستگار: پلان و بەرنامە هەر ئەو بەرنامە و ئەساسنامەیەی ئێمەیە کە لە کۆنگرەدا پەسەند کراوە. ئێمە بەو سیاسەت و بەو بۆچوونەدا دەڕۆین. دیارە هەموو شتێک زەحمەتە و پێویستی بە کات و بە شیکردنەوە هەیە. ئەگەر بتوانین بە سەر سیستەمی کۆندا زاڵ بین، دەتوانین ئەو کارانە جێبەجێ بکەین. بەڵام دەبێ لە پێشدا ئەوە بزانین کە مەسەلەکە کارێکی ئاسان

نییە. ئەو مەسەلەیە کارێکی گرانە. من بە تەواوی مەعنا دەگەڵ دەربڕینی بیروڕای ئازاد هەم. زۆرجار باسم کردووە، ئێمە بەرەوڕووی دووشتین کە یەک ترسە و ئەوی دیکەش شەرمکردنە، کە دەبێ ئێمە خووی پێبگرین نابێ کەس لەوە بترسێ کە جێگا و مەکان و یان شەخسیەتەکەی دەمەترسی دەکەوەی، یا شەرم بکا لەوەی بیروڕای خۆی دەرببڕێ. ئەوە ئەگەر دەنێو ئێمەدا ببێتە فەرهەنگێک، زۆر خزمەت کە پێشکەوتنمان دەکات.

مەسەلەیەکی دیکەش ئەوەیە، لە راستیدا ئەمن دەگەڵ فڕاکسیۆن و ئەوانەدا موافیق نەبووم و هەوڵیشم بۆدا. بە بڕوای من ئەوە لاساییکردنەوەیەکە لە ئەحزابی سیاسی ئورووپایی و رۆژئاوایی. لەو ولاتانەدا دیارە فەرهەنگی دیموکراسی زۆر بەباشی جێگای خۆی گرتووە. بە بیانووی هەبوونی فڕاکسیۆن نە لە یەکتری ناڕەحەت دەبن و نە دوژمنایەتیان لە نێواندا دروست دەبێ. لێرە بۆ رەخنە لێگرتنێکیش دەبێتە نێوان ناخۆشی. یانی عادەتمان بەوە نەگرتووە کە رەخنە قبوڵ بکەین، چ دەگا بەوەی کە فڕاکسیۆنێک لێرە بێ و یەک لەوێ و یەکێکیتر لە لایەکی دیکە. یانی حیزبێک دەبێتە چەند حیزب. لە گەڵی موافق نەبووم، بەلام کە کۆنگرە پەسەندی کرد، رێزی لێدەگرم. بەلام دیسانیش پێموانییە بەو شێوەیە کە هەدەفی ئەو کۆنگرەیە بووە، سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

رێنێسانس: لە بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەتاندا دروشمی سەرەکیی حیزبەکەتان کردۆتە کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدڕاڵدا، ئەو کۆمارەی ئێوە لە رۆژهەلاتی کوردستان هەوڵی بۆ دەدەن، لە سەر ئاستی نەتەوەیی دەبێ یان لە سەر ئاستی جوغڕافیایی؟

رەستگار: دەکرێ بڵێین کە ئێران ولاتێکی فرەنەتەوەیە. ئەگەر بێتو ولاتێکی فرەنەتەوە بیهەوێ حکومەتێکی فیدڕاڵی ناوەندی هەبێ، شتێکی ئەساسییە لە سەر ئەو بنەمایە دەبێ کە ئەوە سیستەمە فیدڕاڵییە دابەش دەبێ بە سەر چەند نەتەوەی جیاوازدا کە لە ئێرانێ بە یەکەوە دەژین و شکی تێدا نییە کە دەبێ کۆماریش بێ. بەو پێیەی ئێمە بیرمان لێکردۆتەوە، ئەو کۆمارەیە بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێرانێ و نەتەوەی کورد لە ئێرانە، بۆیە پێمانوایە و بە دروستی دەزانین کە ئەو کۆمارە یان ئەو هەرێمە یان هەر

نێوێکی بێ (کە ئێستا کۆنگرە کۆماری پەسەند کردووە)، لە سەر ئەساسی جوغرافیایی- نەتەوەیی بێ. بێجگە لەوەش لە ئەساسنامەدا باسمان کردووە، ئەو سیستەمە بە پێی ویست و داخوازی خەڵکە. ئێمە بۆمان نییە کە بڵێین فلان جێگا، بەلووچستان، کوردستان، ئازەربایجان یان عەرەبەکان چیان بوێت. خەڵکی دانیشتووی ئەو شوێنانە بۆ خۆیان دیاری دەکەن سەر بە کام هەرێم یان کۆمار دەبن. ئەو خەڵکانەی لە ناو هەرێمێکی جیا لە هەرێمی نەتەوەی خۆشیان دەژێن ماف و حقوقی خۆیان دەبێ. هەروەک ئێستا لە هەرێمی باشووری کوردستان، هەموو ئایین و نەتەوەکان مافی کولتووری و ئایینی خۆیان هەیە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان یان لە ئێرانیش هەر بەم شێوەیە ئەگەر بەشێک لە نەتەوەیەک بکەوێتە ناو هەرێمێکی دیکە دەبێ هەموو مافەکانی دابین بکرێن کە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا باسیان کراوە.

رێنێسانس: دیارە لە رێکخستنەوەی تازەتاندا، جەنابت بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی. لەو بەرپرسایەتییەدا بە مەبەستی لێکنزیکبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان و نزیکبوونەوە لە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" چ بەرنامە و پڕۆژەیەکتان هەیە؟

رەستگار: دیارە من بەرپرسی پەیوندی دەگەڵ حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکانم، نەک پەیوەندیی گشتی. لەو روانگەشەوە دیارە من بە تایبەتی هەم لە لای پارتی دێموکراتی کوردستان و هەم لە لای یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کەسێکی نەناسیاو نیم. لە کۆنەوە و ئێستاشی دەگەڵ بێ، پەیوەندیم دەگەڵ هەردوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان زۆر باشە. پڕۆژەشمان هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە درێژە بەم سیاسەتە دەدەین، دۆستایەتی هەردووک لا دەکەین و ئەوانیش وەکو ئەرکێکی نیشتمانی پێویستە کە هەم دۆستایەتی ئێمە بکەن، هەم ئێستا کە هەلومەرجێکی لەبار لە باشووری کوردستان هەیە، تەنانەت یارمەتیشمان بدەن. پڕۆژەمان ئەوەیە کە پەیوەندی خۆمان دەگەڵ هەموو حیزب و رێکخراوەکانی باشووری کوردستان هەر وەکو تا ئێستا دۆستانە بووە، زیاتر رێک بخەین و زیاتر دۆستانە بێ. جارێ هەرچەند زووە، پڕۆژەشمان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە، بتوانین هێزە سیاسیەکان لەو بەشەی کوردستان لێک نزیک

بکەینەوە و وتووێژێکی جیدی دەستپێبکەین. بۆیە دەڵێم جیدی، چونکە وەزعی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی گۆڕاوە، بارودۆخی سیاسی دنیا بە تەواوی گۆڕاوە. ئێستا مەرحەلە و قۆناغێکی دیکە لە سیاسەت هاتۆتە گۆڕێ کە ئەگەر تەماشا بکەین زۆر بە قازانجی بزاوی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردە. دەبێ لەو قۆناغە کە هاتۆتە پێشێ، کەڵک وەربگرین.

ئەوەی هەتا ئێستا بووە، زیاتر ئێمە حیزبایەتیمان کردووە. ئەو حیزبایەتییە زۆر بە زەرەرمان تەواو بووە. ئێستا کوردایەتییەکەی بکەین باشترە.
ئەساسەن زۆرجاران ئێمە بەرژەوەندی حیزبیمان فیدا نەکردووە،
بەرژەوەندیی گشتیمان فیدای بەرژەوەندیی حیزبی کردووە. ئەوە لە کاتێکدابووە کە دەبوایە ئێمە بەرژەوەندی حیزبایەتیمان فیدای بەرژەوەندی کوردایەتی کردبا. بۆ ئەو مەبەستە کە ئاڵوگۆڕیش لە دنیایەدا سەریع دێتە پێشێ، وەک رابردوو نەماوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، چەند دەسەڵاتی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووخاون. حکومەتی تورکیا بەرەو چارەنووسێک دەڕوا، حکومەتی ئێراق بەرەو چارەنووسێکی دیکە دەڕوا. لەم نێوەدا ئێمە دەبێ پەلەبکەین کۆدەنگییەک لە نێوە نەتەوەی کورددا دروست بکەین. هەر وەک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزبیشدا هاتووە، هەموو هەوڵ و تەقەللای خۆمان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی دەگەڵ ئەو لایەنەی خۆمان کە بە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە، پەیوەندیمان باش بکەین. گفتوگۆ و دیالۆگ بکەین بزانین دەگەینە کوێ؛ ئێمە ئامادەگیمان هەیە بۆ کۆدەنگی. چ لە هاوپەیمانیەکی دووقۆڵی، تەنانەت ئەگەر هەلومەرجێکی لەبار بخوڵقێ، لە چوارچێوەی میکانیزمێکی گونجاودا کە لە گەڵ سەردەم بگونجێت، دەتوانین ببینەوە یەک حیزب.

ڕێنێسانس: بە لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی ئێران کە ئێستا لە گەڵ قۆناغەکانی پێشوو جیاوازیی زۆرە، بۆ وێنە لە ناو ئێران ئازەرییەکان کە تێکەڵاویان دەگەڵ کوردستان هەیە و بەم دواییانە چەند گرووپی ناسیۆنالیستی توندڕەویان تێدایە و ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی ئازەربایجان و تورکیاش ڕەنگە لە کەشوهەوای داهاتوودا کەڵک لەو بارودۆخە وەربگرن. لە لایەکی دیکە، لێرەش لە باشووری کوردستان پۆلیسی هەرێمی کوردستان

لە نێوان ئێوە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دامەزراوە و پاژەکانی کۆمەڵەش هەروادێ زیاتر دابەش دەبن. بە سەرنجدان بەو هەلومەرجە، پێتوایە لە دوای گۆڕانکارییەکی خێرا لە ئێران لە بۆشایی دەسەڵاتدا، ئێوە بە سەر کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراودا ناکەون؟

ڕەستگار: با، شکی تێدا نییە ئینسان لە بۆشاییدا تووشی کارەساتی زۆر خراپ دەبێ. ئەزموونی تا ئێستاشمان ئەوە نیشان دەدا. ڕاستە لە ئەوەڵێدا بە شێوەی سوننەتی برێک ناکۆکی توند و شتی ناحەز ڕوویدا، بەڵام ئێستا ئێمە ماڵمان بە تەنیشت بەیەکەوەیە و جیرانین. ڕاستە ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە گۆڕێدایە، بەڵام خۆشمان، مەبەستم لایەنی بەرانبەرمانە، ئەوانیش بەخۆیاندا چوونەوە. وەک پێشوو ڕەفتار ناکەن و ئێمە لە سەرەتاوە پێمانوابوو کە دەبێ ڕێکخراوێکی برایانە و دۆستانەمان هەبێ کە بتوانین بە یەکەوە بژین. ئێمە لە ئێرانێ چۆن دەتوانین بە یەکەوە بژین ئەگەر نەتوانین موڕاعاتی دیموکراسییەت بکەین، موڕاعاتی ئەو حەقە بکەین کە بەرانبەرەکەشت هەیەتی. لەو ڕوانگەیەوە ئێمە کەموکوڕیمان هەیە و دەبێ هەوڵ بدەین هەرچی زووتر و زیاتر لێک نزیک بینەوە.

http://www.renesans.info/articles.php?id=5980